# دەقی دەستوور - هەڵەی ئەستوور!

## عەبدوڵڵا پەشێو

31.8.2013

ئەمەی خوارەوە لاپەڕەی یەکەمی ڕەشنووسی ئەو دەستوورەیە، کە زمانزانەکانی پەرلەمانی یەکێتی و پارتی نووسیویانە. ئەو جێیانەی هەڵەیان تێدایە سوور کراون. نەمتوانی بە سەرجەمی دەستوورەکەدا بچمەوە، لەبەر زۆری و دووبارەبوونەوەی هەڵەکان.مەبەستی دەقەکە بۆ من زۆر ڕوون نییە، بۆیە، دەستکاریی لایەنی خاڵبەندیم نەکرد.

ئەوەی دەیبینین ئەنجامی ئەو تاوانەیە، کە ٢٢ ساڵە لەسەر دەستی نەخوێندەوارانی حیزب دەرهەق بە زمانە بێکەسەکەمان ئەنجام دەدرێ. زمانی کوردی، کە کۆڵەکەی گیانیی نەتەوەی کوردە و ڕووبەرەکەی ڕووبەری نەخشەی کوردستانی دواڕۆژە، سووکایەتیی پێ دەکرێ و دووچاری ئەنفالێک بووەتەوە، کە پێشتر، بە درێژاییی مێژووی پڕ بێکەسی و چەرمەسەریی خۆی، نەیبینیوە.

ئەگەر کەسانێک هەبن بڵێن، مەرج نییە فلان شت وا بنووسرێ... یا دەشێ وا بنووسرێ و وا نەنووسرێ... هتد. بەڵێ، ڕەنگە کەسانێک هەبن نەیانەوێ خۆیان ماندوو بکەن، یا بە پاساوێکی لاواز خۆیان لە هەڵە دەرباز بکەن، بەڵام پرسیارێک هەیە: کێ تووشی گێژاوی بێمەرجەعی و فرەڕێنووسی و فرەنۆرمی کردووین؟ کێ ئەم چاڵە قووڵەی هەڵکەندووە و ئەم بەرەڵڵاییەی دروست کردووە؟ ئایا هیچ زمانێک هەیە لە دنیادا ڕێنووسی جووداجوودای هەبێ و هەر کەس لە ماڵەکەی خۆیدا ڕێنووسێکی تایبەت بە خۆی هەبێ؟! ئینگلیزێک، ئەڵمانێک، سوێدییەک... یاهەر کەسێکیدی، ئاوابە دەستی خۆی و پارەی هەڵرژاوی خۆی زمانی خۆیهەتک دەکا؟زمانی کوردی وەک شارێکی قەڵەباڵغی بێ ترافیک و پۆلیسی هاتوچۆی لێ هاتووە.

تۆکمەکردنو گشتاندنی نۆرم و کۆدە هاوبەشەکانیزمان بنچینەی سیاسەتی فەرهەنگیی دەوڵەتن، هەر دەوڵەتێک. ئەو نەهامەتییەی زمانی کوردی دووچاری بووە و خەریکە وێرانی دەکا ئەنجامی نەخوێندەواریی پیاوانی حیزب-دەوڵەتەکەی باشووری وڵاتە، نەک ئەم و ئەو.

لە سەردەمێکدا کە گلۆبالیزم، لە مەیدانی فرەکولتووری و فرەزمانیدا، گەورەترین و بێبەزەییترین جەنگی لە نێو کولتوور و زمانەکانی دنیادا بەرپا کردووە و پرۆسەی لەناوچوونی زمانە بێکەسەکانی لە هەموو کاتێک خێراتر کردووە، ئایادەشێ لە سەردەمێکی وادا، لە وڵاتێکی نەوتفرۆشی وەک " هەرێم!" دا، نەک هەر سیاسەتێکی ڕوونی فەرهەنگی نەبێ، بگرە ئەکادێمیایەکیش نەبێ بۆ زمان؟ دەزانم، تەلارێک بەو ناوە هەیە و سەتان دۆست و لایەنگری بەرەبابە نەوتفرۆشەکان بەناوی ئەو تەلارەوە مووچە وەردەگرن، لە کاتێکدا تا ئێستاش فەرهەنگێکی گشتیی زمانی کوردی نییە، کە تێیدا کێشەی ڕێنووس ونۆرمەکانی زمان یەکلا کرابنەوە. ئەنجامیش ئەوەیە کە دەیبینین: پەرلەمانێک ناتوانی لاپەڕەیەکی ئینشایی بە زمانێکی ڕەوان بنووسێ.

لە هەموو دنیادا زمانی فەرمی، یا زمانی دیوان، نموونەی زمانی پەتی، ڕەوان، پاراو و بێگرێیە. هەڵەیەک لە زمانی ڕەسمیدا هەڵڵای لێ دەکەوێتەوە. لە کام وڵاتی دنیاداتابلۆی سەر فرۆکەخانە، سەرۆکایەتیی "هەرێم!" و سەرۆکایەتیی وەزیران و هەموو وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکان بە هەڵە نووسراون؟ لە کام وڵاتی دنیادا کتێبی زارۆکان، لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە تا دەگاتە زانکۆ، لە پێشبەرگەوە تا دەگاتە پاشبەرگ، بە هەڵە دەنووسرێن؟ ئێستا "خوێندنەوەی کوردی" ی پۆلی سێی بنەڕەتیم لەبەر دەستە، هەر لەسەر پێشبەرگەکەی ٣ هەڵە دەمیاوێنن!

نووسینێکی دیوانی سەرۆکایەتیی "هەرێم!" م لایە، کە ناگاتە لاپەڕەیەک، ٢٠ هەڵە زێتری تێدایە.

باسی سەنەد و قەواڵەکانی "پەرلەمان!" یش هەر ناکەم، کە زمانی شلک و کەمهاوتای کوردی بە شایانی ئەوە نازانێ بڕیار و یاسایە پەیتەکانی خۆی پێ بنووسێ و پەنا دەباتە بەر زمانی داگیرکەر.

ئەمەی خوارەوەڕەشنووسی لاپەڕەی یەکەمی ئەو "دەستوور!" ەیە، کە من، بەش بە حاڵی خۆم،لەبەر وێرانیی زمانەکە، بەحاڵ توانیم شتێکی لێ هەڵکڕێنم. مام هەژار گۆتەنی "کوردییە و کوردیش نییە!":

[بەناوی خوای بەخشندە و دلۆڤان
پێشەکی
ئێمە, گەلی کوردستان_عیراق، لە هەستکردنمانەوە بە دژواریی سیاسەتەکانی
حکومەتە یەك لەدوای یەکەکان لە ئەنجامدانی زوڵم و زۆرو ستەمی لەڕادەبەدەر,
وبێبەشکردنمان لەو مافە ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریەی خوا بە ئادەمیزادی
بەخشیوون وچەندین تاوانی دژە مرۆڤ و هەڵمەتی جینۆسایدو پاکتاوی
نەتەوەییان لە دژمان ئەنجامدا, کە مێژوو بە دەگمەن وێنەیانی بینیوە, وخۆیان بینیەوە لە خاپوورکردنی
سەرلەبەری پتر لە چوارهەزارو پێنج سەد گوند وگۆڕانکاری لە دیمۆگرافیای بەشێکی فراوان
لە کوردستان-عیراق لە رێگەی بەزۆر-کۆچپێکردنی دانیشتوانی, یان ناچارکردنیان
بۆ گۆڕینی نەتەوەیان وبەکارهێنانی چەکی کیمیاویو چەکە قەدەغەکراوەکانی تری
نێونەتەوەیی لە دژ دانیشتوانی سڤیلی شاری هەڵەبجەی شەهیدو بالیسان وگەرمیان و
بادینان وچەندین ناوچەی فراوانی ترو بە هەزاران لاوی کوردی فەیلی لە نێو گێلگەکانی
تاقیکردنەوەی کیمیاوی وگۆڕی بەکۆمەڵ بەرەو مەرگ ڕاپێچکردن, ئەوەی مانەوەش
خیزانەکانیان ناچارکران کۆچبکەن بۆ دەرەوەی عێراق و وڵاتنامەی عیراقیان لێ
سەندنەوە و بەدوایەوە چەندین هەڵمەتی بە کۆمەڵ قڕکردنیان ئەنجامدا کە پتر
لە هەشت هەزار بارزانی گرتەوەو پڕۆسەکانی لەناوبردنی بەدواداهێنا,
کە بە ئەنفال ناونران و قوربانی پتر لە هەشتاو دوو هەزار مرۆڤی لێکەوتەوە

لە رێزگرتنمانەوە بۆ سەرکردەو هێماکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان و خەباتگێڕ و پێشمەرگە
تێکۆشەرە شەهیدە مێرخاسەکانی و ئەو قوربانیانەی داویانە لە پێناو ئازادیمان و پاراستنی ڕووەت و
نیشتمانمان و داننان بە مافی دەستنیشانکردنی چارەنووسمان بە ویستی پڕبەدڵ و ئازادانەمان،
لە دڵسۆزیمانەوە بۆ ئەو پەیام و ئامانج و بەهایانەی کە گیانی خۆیان لە پێناودا بەختکرد، بۆ هێنانەکایەوەی
کۆمەڵگایەکی کوردستانی، شارستانی، کە شانازی بە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانەوە بکات و گیانی
برایەتی و لێبووردەیی باڵ بەسەر هەمووان دابکێشی و هێزو توانای رۆڵەکانی کوردستان بخاتە کار،
لە پێناو بنیاتنانی کوردستانێك کە نیشتمانێکی یەکگرتوو بێت بۆ هەمووان و لەسەر بنەمای بەها
دیموکرتیەکان دامەزرابی و کاربکات لە ژێر رۆشنایی بنەماکانی مافی مرۆڤ و یاسا تیایدا سەروەربی و بۆ
گەیشتن بە فەرمانڕەواییەکی ژیر، کە لە ویستی ئازادانەمانەوە و بەرجەستەی ئاواتەکانمان
بکات و بە ئەمەك بی بۆ قوربانیەکانمان،
ویست و ئارەزووومان لەگەڵ ویستی پێکهاتە نەتەوەییەکانی تری عێراق و هێزە نیشتمانیەکانیدا بەیەك
گەیشتن یۆ ئەوەی کوردستان_عیراق هەرێمێکی فیدراڵی بی لەناو دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا. بۆ
بەرجەستەکردنی ئەم ویستە و بە دیهێنانی ئەم ئامانجە، ئەم دەستوورەمان دانا.]